# شاکەل و شاکەلییەکان

پەیدابوونی وشەی شاکەل دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی 1600، واتە: سەدەی حەڤدەیەم. وا باوە لە سەردەمی شا عەبباسی سەفەوی(1571–1629)یەوە، کە بە شا عەبباسی یەکەم (بە فارسی: شاه عباس یکم) یا شاعەبباسی گەورە(بە فارسی: شاه عباس بزرگ، شاه عباس کبیر) ناسراوە، ناوی شاکەل پەیدا بووە، کاتێک لەشکری شا عەبباس ئیدی خۆی لەگەڵ بووە یا نە، ئەوە نەزانراوە، لە ساڵی 1624دا ڕووی لە بەغدا کردووە و لەو گرد و تەپۆڵکانەی خوارێی ئێستای شاکەل، کە دواتر بە (جەوەڵی شاکەل) ناوی دەرکردووە، پەڕیوەتەوە بەرەو بەغدا، ئیدی  لەو دەمەوە ئەو دەڤەرە ناوی لێ نراوە شاکەل.

بە گوێرەی دێڕە شیعرێکی مەولەوی تاوگۆزی(1806–1882) کە دەڵێ:

وادەی خەو نییەن وادەی شکارەن
دەشتەکەی پای هەرد شاکەل دیارەن

شاکەل، دەشتاییەک بووە لە دەڤەری گەرمیان کەوتووەتە پایینی هەردەیەکەوە. لە دامێنی هەردەکانی گوندی تووران و کەواچەرموو و کۆزەکوڵ(ئێستا: ڕزگاری، جاران: سموود"صمود") و دەشتی تەختەنەختەوە دەستی پێ کردووە و دەشتایی نێوان دەشتی شێروانە و کفری تا دەگاتە ئاوایی حاجی عەوادی ئێستا(جاران: زەکی) و لای خوارەوەیش تا ئەو تەپۆڵکە و گردانەی کە بە جەوەڵی شاکەل ناسراون، گرتووەتەوە. واتە: شاکەل ئەودەمی دەڤەرێکی فراوانتر و بەرینتر بووە. وەک جیۆگرافیا لە دەسپێکدا، شاکەل فراوانتر و بەرینتر بووە. لێ شاکەلی ئێستا لە پێنج ئاوایی پێک هاتووە: ئەولاقوت، سەیدە، سەعداوا، شاکەل و دێبنە. واتە: بێجگە لە دەڤەرەکە، ناوی یەکێک لە گوندەکانیش "شاکەل"ە. شاکەل، هەمیشە سەر بە شارستانی کفری و ئوستانی کەرکووک بووە. دانیشتووانی شاکەل لە دێر زەمانەوە، بێجگە لە شێخانی شاکەل، کە بۆ خۆیان ئاوەدانیان کردووەتەوە و موڵکداری شاکەل

بوون و هەن، زۆرتر لە هۆزی گێژ و خێڵی گلاڵی بوون. گلاڵی، جاران خۆیان بە تیرەیەک لە هۆزی جاف دەژمارد، لێ ئێستا خۆیان بە جاف نازانن. بێجگە لە گلاڵی، چەند خێزانێکی دیکەی سەر بە تیرەی ڕۆغزادی و تیرەی شاتری، کە ئەوانیش سەر بە هۆزی جافن، لەگەڵ هەندێک خێزانی تیرەی پشدەر و چەند خێزانێکی عەرەبی سەییدی سومێدعی (الصمیدعي) و هۆزی ئەلعوبێد(العبیدي) و ئەلعەززە(العزاوي) و چەند خێزانێکی تورکمانی سەر بە هۆزی بەیات(البیات)، لە شاکەلدا هەبوون و هەن. ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون لەو دەڤەرەدا دەگەڕێتەوە بۆ 200 ساڵێک پێش و لە شێخ سەعیدی شاکەلییەوە دەست پێ دەکات. دەشتی شاکەل بە ئاسک بە ناوێ بووە و هەمیشە گەلەئاسک بەو دەشتەدا تەراتێنیان کردووە. لە شیعری(بەردە قارەمان)ەکەیدا کە شێوەنە بۆ مەلیکی کوردستان شێخ مەحموودی نەمر، بە دەنگە پڕ جۆش و خۆش نازدارەکەی خۆیشی و بە ئاوازێکی زۆر جوان دەیخوێنێت، مامۆستا حەمە ساڵح دیلان، ناوی شاکەلی هێناوە و دەڵێ:

ڕەوە ئاسکەکەی شیروانە و شاکەل
قەبرغە باریک سیس و بێ ڕەنگە

شێخ سەعیدی شاکەلی(1817–1899) بە دەسپێکی شاکەلییان دادەنرێت و شاکەلییەکان، ئەوانەی هەڵگری پاشناوی شاکەلین دەچنەوە سەر ئەو، واتە: پاشناوی شاکەلییش دەگەڕێتەوە بۆ 200 ساڵێک پێش. ئەو بنەماڵەیەی، کە ئێستاکە بە بنەماڵەی شاکەلی"شێخانی شاکەل" ناسراون، بە گوێرەی خۆیان و شیعرێکی شێخ مارفی نۆدێ (1753–1838)، کە بۆ بنەچە و زنجیرەی شێخانی شاکەلی نووسیوە و لە شێخ سەعیدی شاکەلییەوە دەست پێ دەکات، وەک بنەچە و ڕەگوڕیشە دەگەڕێنەوە سەر شێخ عیسای بەرزنجی و شێخان(سەییدان)ی بەرزنجە و دواتریش، لە بنەچەدا سەییدن و بە زنجیرەی باوباپیران دەچنەوە سەر ئیمام حوسەین و ئیمام عەلی کوڕی ئەبو تالیب. شێخ سەعیدی شاکەلی بۆ خۆی لە دەسپێکی سەدەی نۆزدەیەمەوە و هەر بە منداڵی لە شاکەلدا نیشتەجێ بووە. شێخ سەعید کوڕی شێخ شەهابی کوڕی سەیید عەلی کوڕی سەیید عەبدوڵڵای کوڕی سەیید ئیبراهیمە. سەیید ئیبراهیمی باپیرە

گەورەی شێخ سەعید لە دەوروبەری بەرزنجەوە بە ڕاوێژ لەگەڵ میری باباندا، بە هێزێکی 300 کەسی و چەک و هێستر و تفاقەوە، بۆ ڕێگەگرتن لە عەرەباندنی ئەو دەڤەرە، کە لە لایەن والی بەغدای ئەو سەردەمەوە فەرمانی عەرەباندنی لەسەر دراوە و هۆزە کوردەکانی ئەو دەڤەرەیان وەدەر ناوە، سەیید ئیبراهیم هاتووەتە گەرمیان و لە دەڤەری زەنگاباد (کۆکس و کۆڵەجۆ و...) نیشتەجێ بووە و لە ماوەی چەند ساڵێکدا ئەو پرۆسێسی عەرەباندنەی ڕاگرتووە و هۆزە عەرەبە داگیرکەرەکانی وەدەرناوە و هۆزە کوردەکانی گەڕاندووەتەوە بۆ جێگە و زێدی خۆیان، واتە: زەنگاباد. دوای تەواوبوونی کارەکەی، سەیید ئیبراهیم چووەتە تازەدێ و پاشان چووەتە سەرقەڵا لە نزیکی شاکەل و کفری و لە سەرقەڵا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (چواربەیراخە) لای سەرقەڵا بە خاک سپێردراوە. کوڕ و کوڕەزاکانیشی هەر لەو گۆڕستانە نێژراون. پاشناوی شاکەلی، تەنێ لە لایەن ئەندامانی خێزانی شێخانی شاکەلەوە بەکار براوە و دەبرێت و هیچ یەکێکی دیکە لە دانیشتووانی ئەو دەڤەرەی شاکەل، هەرچەندە سەدان ساڵیش بێت لەوێ ژیابێت، ئەو پاشناوەی بە کار نەبردووە و نابات، چونکە ئەوان پاشناوی وەک: جاف، گڵاڵی، شاتری، پشدەر، گێژ، سومێدعی، بەیات و...بە کار دەبەن. ئەوانەی پاشناوی شاکەلی بە کار دەبەن، ئێستاکە بنەماڵەیەکن و چەند خێزانێکن.

لە شیعرێکیدا بە ناوی "وەسیەت بۆ کوتەک" قانیعی شاعیر ناوی کۆمەڵێک تیرە و هۆزی کوردستان دەبات و لەنێو ئەوانیشدا ناوی شاکەلییان دەبات و دەڵێ:

کەڵوڕ و سوورسوور و گەشکی و شاری کرماشانەکەت

بەختیاری و مەنمی و هەم شاکەلی و شێروانەکەت

ماهیدەشت و باجەڵان و سانی هەورامانەکەت

پژدەر و بڵباس و هەرکی و جافەتی و گۆرانەکەت

دەس بە دەس یەکتر گرن بۆ یەکتری وەک پشتیوان

## تێبکۆشن بۆ ژیانی کورد و خاکی کوردستان

شاکەلییەکان وەک ماڵبات بێجگە لە نزیکایەتییان لە ئایینەوە، خوێندەوار و هەمیشە تێکەڵ بە فەرهەنگ بوون و هەن. لەنێو شاکەلییاندا، ئەوانەی بڕێک سەروسەودایان لەگەڵ کاری فەرهەنگی و نووسین و سیاسەتدا هەبووە و هەیە ئەمانەن:

شێخ سولەیمانی شاکەلی (1894-1936)، لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا حیزبێکی سیاسییان بە ناوی (حیزبی ئازادیی کوردستان) لە دەوروبەری 1930دا دامەزراندووە. شێخ سولەیمان، گەلێک لە مامۆستا ڕەفیق حیلمییەوە نێزیک بووە و دۆستایەتییان هەبووە. لە ساڵی 1931دا وەک نوێنەری حیزبی ئازادیی کوردستان، شێخ سولەیمان لە شاکەلەوە بە نهێنی چووە بۆ لای شێخ ئەحمەدی بارزانی، بۆ ئەوەی ئامادەیی خۆی و حیزبەکەی و خەڵکێکی زۆری گەرمیان بە بارزانی بگەیەنێت، کە بە خۆ و بە چەکەوە لە خزمەتی ڕابوونی بارزاندا دەبن. شێخ سولەیمان بێجگە لە زمانی کوردی و عەرەبی، فارسیزانێکی توانا و سەعدیناسێکی زۆر شارەزا بووە.

شێخ عەلی شاکەلی (1910-1946) برای شێخ سولەیمانی شاکەلی بووە. پیاوێکی خوداناس و سۆفی و زاهید و فەلەکناس بووە. شاعیر بووە و بەناوی غالیب (غالب)ەوە شیعری بڵاو کردووەتەوە. مامۆستایان مستەفا نەریمان و دکتۆر ئەحمەد باوەڕ لەبارەیەوە نووسیویانە.

شێخ ئەحمەدی شاکەلی (1903-1982) شاعیر، ئەندامی حیزبی هیوا و سۆفی بووە. دیوانی شیعریی چاپکراوی هەیە و گەلێ جاریش لەبارەیەوە وەک شاعیر نووسراوە.

شێخ مەحموودی شاکەلی (1922-1945)، کوڕی شێخ سولەیمانی شاکەلی بووە. لە دوای خۆی کەشکۆڵێکی دەوڵەمەند بە شیعری شاعیرانی جیاواز بە دەستنووسی خۆی جێ هێشتووە. ئەندامێکی چالاکی حیزبی هیوا بووە. مامۆستایان مستەفا نەریمان و دکتۆر ئەحمەد باوەڕ لەبارەیەوە نووسیویانە.

ئەحمەد شاکەلی. لەگەڵ لەتیف حامید بەرزنجی و سەدرەددین عارفدا، یەکێکە لە چیرۆکنووسە نوێگەرەکانی کورتەچیرۆکی کوردی. لە ساڵانی 1970دا گەلێ چیرۆکی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کردووەتەوە.

فەرهاد شاکەلی، شاعیر، نووسەر، لێکۆڵەر، زمانناس و ئەکادیمی. سەرەتاکانی نووسینی بە ناوی "ئەنوەر شاکەلی"یەوە دەینووسی. لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا لە دەسپێکەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردیی پاش قۆناغی گۆران بوون. کاری ئەکادیمی و توێژینەوەی زۆری لە بواری زمان و ئەدەبییات و شیعر و هزردا کردووە. کۆمەڵێک دیوان و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و کتێبی دیکەی چاپ کراون. مامۆستای زانستگە بووە لە سوێد و لەوێیش دەژی.

ئامانج شاکەلی، نووسەر و وەرگێڕە و کتێبی چاپکراوی هەیە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانیشدا گوتار بڵاو دەکاتەوە.

موحەممەد شاکەلی"شێخ موحەممەد شاکەلی"، سیاسەتکار بووە و لە سەرکردایەتی چەند حیزبێکی کوردستاندا بووە و چەند ساڵێک وەک وەزیر لە حوکوومەتەکانی کوردستانی پاش 1991ەوە چەند جارێک وەزارەتی جیاوازی بەڕێوە بردووە. نووسەری چەند کتێبێکی چاپکراوی وەک لێکۆڵینەوە و مێژوو و بیرەوەرییە.

سەلاح شاکەلی، نووسەر و وەرگێڕە و گەلێک گوتار و لێکۆڵینەوەی بواری جیاوازی مێژوو و فۆلکلۆر و فەرهەنگیی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کردووەتەوە.

سەلاح شاکەلی (سەلاح عەبدولکەریم شاکەلی)، لە بواری جیاوازی فەرهەنگی و مێژوودا گوتاری بڵاو کردووەتەوە و کتێبی چاپکراویشی هەیە و خولیای ڕووەکناسیشی هەیە.

نەسرین شاکەلی، شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس و هونەرمەندی شێوەکاری و میدیاکارە. لە ڕۆژنامە و گۆڤاراندا نووسینەکانی بڵاوکردوونەوە. چەند جارێک لەگەڵ هونەرمەندانی سوێدیدا پێشانگەی کردووەتەوە.

ئەمجەد شاکەلی، نووسەر و لێکۆڵەر. چەند کتێبێکی چاپکراو و گوتاری بڵاوکراوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕەکاندا هەیە.

سەعید شاکەلی، نووسەر و پەیکەرسازە و کتێبی چاپکراوی هەیە و چەند جارێک پێشانگەی پەیکەرسازیی کردووەتەوە.

پەری شاکەلی، نووسەر و وەرگێڕە و کتێبی چاپکراوی هەیە.

تریفە شاکەلی، چالاکی بواری ژنان و ڕۆژنامەنووس.

سوارە شاکەلی، نووسەر و وەرگێڕ و چالاکی سیاسی.

میقداد شاکەلی، نووسەر و لێکۆڵەر و جیۆگرافیاناس.

سوپا شاکەلی، چالاکی سیاسی و گوتارنووس.